# شیکردنەوەی گوتاری ئایینی لەڕوانگەی تیۆری کردەقسەییەکان

**شێروان حسین حمد**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** sherwan983@uor.edu.krd

**تەلار صباح عمر**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** talar.sabah@koyauniversity.org

## پێشەکی:

ئایین بەهای ڕوحیمان پێدەبەخشێت و ئارامی لە دەرونی باوەڕداراندا دەچەسپێنێت، لە خودا نزیکمان دەکاتەوە ترسمان لە سزاکانی خودا دەبێت، ئەمەش یارمەتیمان دەدات کە دورکەوێنەوە لە ڕێگای چەوت و هەڵە. ئایینی ئیسلام ئەرکێکی گەورە لە ناو کۆمەڵگاکاندا دەگێرێت، لەهەمو ڕۆژێکی هەینیدا، وتار لە مزگەوتەکان پێشکەشدەکرێت، بابەتی وتارەکانیش هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی،... هەر کێشەو دیاردەیەک لەناو کۆمەڵگادا هەبێت لە وتاری ئاینیدا باسدەکرێت. ئەم وتارانەش دەبنە بەشێک لەگوتاری ئاینی و وتاری مەلاکانیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵمانبژاردوە و لەڕوانگەی کردەقسەییەکانەوە شیکردنەوەیە بۆ وتارێکی (مەلا ئاراز) دەربارەی ئیدانەکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردان. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەشمان شیکردنەوەی گوتاری ئایینییە لەڕوانگەی پراگماتیکەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەشمان پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردوە، نمونەکەشمان لە کورتە وتارێکی (مەلا ئاراز) وەرگرتوە، کە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دو بەش پێکهاتوە: بەشی یەکەم لە دو تەوەرە پێکدێت لەتەوەرەی یەکەمدا باس لە چەمک و زاراوەی گوتار و ڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن لەگوتاردا، هەروەها جۆرەکانی گوتار و گوتاری ئاینی دەکات. تەوەرەی دوەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە ئەرکی ئایین، پابەندبون بە ئایین و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی.

بەشی دوەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی لەسەر تیۆری کردەقسەییەکان باس لە کردەقسەییەکان و جۆرەکانی و شیکردنەوەی وتاری (مەلا ئاراز) دەکەین و پوختەی وتارەکەمان خستۆتەڕو. لە کۆتای لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و خراونەتەڕو .

**کلیلە وشەکان:** تیۆری کردەقسەیەکان ، گوتاری ئاینی، شیکردنەوەی گوتار، پراگماتیک.

## بەشی یەکەم : تەوەرەی یەکەم: ناساندنی گوتارو جۆرەکانی

### 1.1 زاراوەی گوتار:

زاراوەی گوتار لە فەرهەنگی لاتینیدا بەواتای گفتوگۆ، هەروەها بەواتای گوتارخوێندن (خوتبەدان) دێت، لەئەدەبیاتی نوێشدا بۆ یەکەمجارلای هایمز ئاماژەی بۆکراوە. (عەلی 2019: 19ـ 20) زاراوەی گوتار چەمکێکی لێڵە، چونکە لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و مرۆڤناسی و زۆر بواری تری زانستە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێت.(Barbara, 2008,1) گوتار بەگشتی یەکێک لەم دو چەمکە ئاماژەی بۆدەکرێت: 1ـ ئەو گوتنەیە کە ئاراستەی کەسێک دەکرێت، بۆ ئەوەی مەبەستێکی دیاریکراو تێبگەیەندرێت. 2ـ ئەو فۆرمە زمانییەیە کە دەکەوێتە سەروی ڕستە. (عەلی 2019: 20) لەبەرئەوە دەبینین کە بەچەندین شێوەی جیاجیا پێناسەی گوتارکراوە:

کوک: ((ئەو کەرەستە زمانییەیە کەلە کۆمەڵە رستەیەکی زنجیرەیی هاوپەیوەند پێکدێت و لە کردەی گەیاندن و پێوەندیدندا، بەکاردێت)).(6: 1989، cook)

((گوتار وەک دانەیەکی زمان هەڵگری پەیامێکە بۆ بەرانبەر، بەکۆی ڕستەکان بیرێک دەگەیەنێت قسەکەر/نوسەر ئەم بیرە دەشکێنێت و دابەشی سەر ڕستەکانی دەکات.)) (ئەمین 2009: 34)

هاریس ((یەکەیەکی زمانی گەورەیە، یان کۆمەڵە ڕستەیەکی زنجیرەییە)). لای هاریس گوتار ڕستەیە لەیەکەیەکی زمانی پێکدێت لەسەر بنەمای ژمارەیەک ڕستە بۆیە لەشیکردنەوەی گوتاردا بایەخ بە لایەنی ڕێزمانی گوتار دەدات.( محی الدین 2016: 8)

یان دەوترێت، ((بریتییە لە زنجیرە ڕستەیەکی یەک لەدوای یەک کەلە ئاکامدا ماهییەت و بونی خۆی دادەرێژێت.))(عەلی 2019: 20)

کەواتە گوتار زنجیرەیەک ڕستەی هاوپەیوەندن بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستێک بەکاردێت. واتای گوتاریش لەئاستی پراگماتیک لێکدەدرێتەوە، واتە واتای گوتار دەبێتە واتای دەق لەگەڵ واتای دەوروبەر.

### 2.1 ڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن لەگوتاردا:

1ـ بەرهەمهێنی گوتار: ئەو کەسەیە کە زانیاری، یان پەیامێکی دیاریکراوی پێیە و دەیەوێت بیگەیەنێتە کەسانی تر و باشترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت بۆ گواستنەوەی پەیامەکەی بۆئەوەی کاریگەرییەکی زۆر دروستبکات.

2– وەرگری گوتار: ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە وەردەگرێت. وەرگری گوتار زیاتر لەوەی کە بەتەنها وەرگری گوتار بێت، کاراو هاوبەشیشە لەدروستکردن و دیاریکردنی واتای ئاخاوتن، وەرگری گوتار، واتا بەڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دروستدەکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

3- پەیام: ئەو زانیاری و بیرو بۆچونانەی کە بەرهەمهێنی گوتار بە مەبەست دەینێرێت بۆ وەرگری گوتار، هەڵبژاردنی هێماکان پەیامەکە پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی پەیامەکە زۆرترین کارلێک و کاریگەری هەبێت، ئەگەر هاتو وەرگری گوتار لە بارودۆخێکی گونجاودا بێت لەکاتی پەیوەندیکردندا. جا ئەو پەیوەندیە زمانی بێت، یان نازمانی بێت.(الغزالی، 2003: 39)

ڕێگاکانی گەیاندنی پەیام جۆراو جۆرن، بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمرۆماندا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئەو هەمو پێشکەوتنەی لەبواری زانستدا ڕویانداوە تەنانەت وایلێهاتوە زۆرجار دەوترێت جیهان وەکو گوندێکی بچوکی لێهاتوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە مرۆڤەکان بە ئاسانی دەتوانن ئەو پەیامەی هەیانە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت بیگەیەنن. هەر یەک لەم ڕێگایانەش بۆ کات و بارودۆخێک بەکاردێت، کە لە وانەیە بۆ کات و بارودۆخێکی تر ئەو گرنگییەی نەبێت.

1. لەڕێگای گەیاندنی دەنگی: ئەم جۆرە گەیاندنە گەیاندنێکی زارەکی نازمانییە، کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر دەرونی گوێگر هەیە، زۆرجار دەنگ دەبێتە هۆی لە دەستدانی واتا، ئەمەش کاتێک ڕودەدات کە دەنگی قسەکەر لەگەڵ دەربڕینەکانی نەگونجێت، قسەکەر دەبێت ڕەچاوی بەرزی و نزمی و گڕی و ناسکی و نەرمی دەنگەکان بکات، لەگەڵ چۆنییەتی دەربڕینی ئاوازەی ڕستەی پرسیاری و سەرسورمان...

2. لەڕێگای گەیاندنی وشە و ڕستە: ئەم جۆرەی گەیاندن گەیاندنێکی زارەکییە، لەڕێگای دەربرینە زمانییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، وەک گفتوگۆکردن و کۆڕوکۆبونەوە ... هتد،

3. لە ڕێگای نوسین: ئەم ڕێگەیە بەپلەی دوەم دێت لەڕوی بڵاویی و بەرجەستەیی لە گەیاندنی گوتاردا.

4. لە ڕێگای بەکارهێنانی ئاماژەی جوڵەیی (زمانی جەستە): ئەم جۆرە گەیاندنە گەیاندێکی نازمانییە، گەیاندنەکەش بە زمانی ئاماژە و ڕەفتار، یان هەڵسوکەوت دەبێت، وەک باری دەموچاو و دەست و شێوەی دانیشتن... هتد، ئەم زمانە بە مەبەست و بێمەبەست دەگرێتەوە.

٥- لە ڕێگای ڕەنگ و وێنە: وێنە هەر لە کۆنەوە کۆنترین هۆکاری پەیوەندیکردن، بەهۆی وێنەوە بوە، مرۆڤ بۆ گەیاندنی هەست و سۆزو مەبەستەکانی وێنەی بەکارهێناوە، نرخ و بایەخی وێنە هەتا ئێستاش هەر ماوە کاتێک یەکێک وێنەیەک دەکێشێت ئەو وێنەیە گوزارشتکردنە لە ناخی ئەو کەسە و ڕەنگدانەوەی باری دەرونی و کۆمەڵایەتی کەسەکەیە.(Barbara, 2008 :3.2 )

4- کەناڵ: هەمو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی پەیام لە بەرهەمهێنی گوتارەوە بۆ وەرگری گوتار جا چ ئامرازی نوسراو بینراو و بیستراو بێت.

5- دەوروبەر: دەوروبەر کاریگەری زۆری لەسەر گوتار هەیە، بە گشتی سیاق خۆی دەسەپێنێ بەسەر بەرهەمهێنی گوتاردا، پێویستە بەرهەمهێنی گوتار توانستێکی زمانی هەبێت، کە ئەمەش سەرچاو دەگرێ لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ڕۆشنبیریەکەی بۆ ڕازیکردن وکارتێکردن توانستی گەیاندن بۆگەیشتن بە ئامانجەکە و بەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ وەگری گوتار. دەوروبەر ئەو زانیارییە پێشینانە دەگرێتەوە، کە مەزەندە دەکرێت هاوبەش بێت لەنێوان قسەکەرو گوێگردا، کەیارمەتی گوێگردەدات بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی قسەکە، لەهەر گوتنێکی دیاریکراودا. (G.Leech، 1983،13) واتە دەوروبەر ئاماژەکردنە بۆ هەمو ئەو هۆکارانەی کە بەشێوەیەکی سیمانتیکییانە فۆرم و واتا و گونجاندنی ئاخاوتن دیاری دەکەن.

لەبارەی جۆرەکانی دەوروبەر ئاماژە بە دو جۆری سەرەکی دەوروبەر دەکرێت.

1. دەوروبەری زمانی: ناوەوەی زمان دەگرێتەوە، کە قسەکەر بۆلێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربڕدراوەکان بەکاریدەهێنێت. (مەعروف 2013: 216) لەگەڵ ئەوەی شارەزایانی بواری پراگماتیک لەفەلسەفەی زمان، یان زمانەوانیدا، وای دەبینن کە دەوروبەر لەناو دەقدانییە، تەنها لەهەندێک کاتی زۆرپێویستدا دەوروبەر بۆ برگەیەکی زمان لەشیکردنەوەی ئاخاوتن دروستبکەن، بۆئەوەی قسەکەر قسەکەی ڕونبێت، چونکە بۆ دۆزینەوەی مەبەستەکەی کۆمەڵێک ئاستەنگی دەرەکی دێتە ڕێگای کە بەزمانەوە پەیوەستە. بۆنمونە هاوواتایی, هاوبێژی گوێگر بۆ ئەوەی لەواتای مەبەست بگات, پەنا بۆدەقێکی نزیک دەبات، یان ئەو وتنەی لەدوای ئەو وشەیەوە دێت. (شرفی 2010: 44)

2. دەوروبەری نازمانی: دەرەوەی زمان دەگرێتەوە، بەشێکە لە دەوروبەرە گشتیەکە کە وشەی تێدا گۆدەکرێت. (مەعروف 2013: 217)، سیما جیاکەرەوەکانی کردەی لێکگەیشتن چەند جۆرێک دەوروبەری نازمانی دیاریدەکەن(مەحمود 2009: 12).

1. دەوروبەری دەرونی: ئەم جۆرە دەوروبەرە هەمو ئەو هەڵچون و داچونە دەرونیانە دەگرێتەوە کە قسەکەر وتەکانی دەردەبڕێت لە بەرامبەریشدا گوێگر بەپێی باری دەرونی خۆی چۆنی وەردەگرێت. (مەحمود 2009: 17) واتە ئەو دەوروبەرە پابەندە بەڕادەی هەڵچونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێت و بونی بۆ دانانرێت ئەگەر بێت و لایەنێکی دەرونی لەپشت ئەو هێما زمانییەوە نەبێت، ئەمەش دەستنیشانی پێش قسەو واتای پاش گوتنەکە دەکات. (مەعروف 2013: 218) بۆ نمونە کاتێک بەیەکێک دەڵێیت کەسێکی ناشیرینی، بەڵام زۆریشم خۆشدەوێی. ئەم دو ڕستەیە لەڕوی دەرونییەوە کاریگەریان جیاوازە.

2. دەوروبەری فیزیکی: ((مەبەست لەم جۆرە دەوروبەرە ئەوەیە گفتوگۆکە لە چ شوێنێک ئەنجامدراوە بەرە و کوێ دەچێت، هەروەها دەرکەوتنی ئەو کەرەستانەی کە لەو دەوروبەرە بونیان هەیە چین؟ واتە کات و شوێن و گونجان و نەگونجانیان ڕوندەکاتەوە)). (مەعروف 2013: 219) کات و شوێن ناوەندەیکی گرینگن دەسەلاتیان بەسەر دروستکردن و ناوەرۆکی ئاخاوتن هەیە، هەروەها کاریگەریشیان لەسەر بەرهەمهێنانی واتاش هەیە، هەربۆیە دەوترێت هەمو قسەیەک کات و شوێنی خۆی هەیە، بۆ نمونە کاتێک بەکەسێک دەوترێت. پاک و خاوێنی ژینگە ڕابگرە. ئەم دەربرینە جۆرێکە لە ڕوشکاندنی بەرامبەر، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ کات و شوێنی وتنەکە ئاساییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

3. دەوروبەری کەلتوری: زانیاری دونیاییە هاوبەشەکانە کە لەلایەن قسەکەرو گوێگرەوە زانراوە. کتێبەکەت کڕی؟ _ هێشتا موچە نەهاتوە.

زانیارییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان قسەکەر و گوێگرەوە زانراوە کە موچە، کەی دێت؟ قسەکەریش هەمان زانیاری لا هەیە.

## 3.1 تایبەتییەکانی گوتار

1. گوتار دانەیەکی زمانی سەرو ڕستەیە کە پێکهێنەرەکانی پێوەندی و گونجانیان پێکەوە هەیە،(شێرکۆ 2009: 32) بۆیە دەبێت ڕێکخستن وڕیزبەندی لە بیرۆکە و گوتنەکاندا هەبێت.(عەلی 2019: 20)

2. گوتار، سیستمێکی گوتەیە، جەختکردنەوە لە سیمای گوتەی گوتاریش لە بنەرەتدا لەکارکردنی زمانەکانەوە لە زمانی ئاخاوتنەوە سەرچاوە دەگرێت.

3. سەرچاوەی گوتار تاکە کەسە (قسەکەر، نوسەر) ئامانج لێیگەیاندنی پەیامێکی ئاراستەکراوی کاریگەرە بۆ گوێگرو خوێنەر.

4. گوتار خاوەنی ئەرک و گەیاندنی پەیامە بۆ بەرانبەر،(ئەمین 2009: 32) لەسەر بابەت بنیاددەنرێت. لە پێناوی باش گەیاندن و کاریگەری زیاتردا، پێویستی بەهۆکاری نازمانی دەبێت وەک دەوروبەرو ئاماژەکان.

## 4.1 جۆرەکانی گوتار

گوتار فرەڕەهەندە زۆر جۆری جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک: کاروباری سیاسی، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری ئاینی، کاروباری بازرگانی، ڕاگەیاندن، ئەو بوارانەی تایبەتن بە پرۆسەی فێرکردن،... بۆیە جۆرەکانی گوتار بەم شێوەیەیە:

أ - گوتار لەڕوی مەبەستەوە دەکرێت بەچەند جۆرێک وەک:

گوتاری زانستی بابەتە زانستییەکان

گوتاری ئایینی

گوتاری ئەدەبی

گوتاری سیاسی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

گوتاری کۆمەڵایەتی

گوتاری ڕاگەیاندن

گوتاری بازرگانی و ئابوری

ب ـ ئەو جۆرانە لەڕوی شێوە یان شێوازەوە دەخرێنەڕو:

1ـ ئەو دەقانەی گێرانەوە بەسەریاندا زاڵە: (ڕۆمان، مێژو، ساغکردنەوە((تەحقیقات)))

2ـ ئەو دەقانەی پەسەندکردن(وەسفکردن) بەسەریاندا زاڵە: بەشەکانی ڕۆمان یان چیرۆک

3ـ ئەو دەقانەی شیکردنەوە بەسەریاندا زاڵە: بەدواداچونی زانستی، وانەوتنەوە نامەی کارکردن)

4ـ ئەو دەقانەی دەربرین بەسەریاندا زاڵە : (دروشمەکان، ڕۆمان، شانۆنامە، نامەی تایبەتی)

5ـ ئەو دەقانەی فەرمان بەسەریاندا زاڵە: (بەڵگەنامەی کارگێری ، ڕاپۆرت، موحازەرە، ڕێنمایەکان)(عەلی 2019: 33ـ 34)

## 5.1 گوتاری ئایینی

ئەو گوتارەیە، کە سەرچاوەکەی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، یان هەر سەرچاوەیەکی تری ئیسلامی، بابەتەکانی هەمولایەنەکانی ژیانی مرۆڤ سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری و ئاینی دەگرێتەوە، هەروەها پێناسەی گوتاری ئاینی دەکرێت بەوەی، کە مەنهەجێکە ژیانی موسڵمانان سیستەم دەکات، چونکە تەواو زانایە تەنها گوتاری ئاینی بانگت دەکات بۆ دینی ئسلام و بڵاوکردنەوەی زانست ورەوشتەکەی لەنێوان خەڵکی. گوتاری ئایینی پێگەیەکی گرنگی هەیە لەکۆمەڵگادا، ئەم پێگەیە کاریگەریەکی یەکجار زۆری هەیە لەسەر ڕێنمای و رەفتاری گشتی تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی دەربرینی فەرمان و حوکمەکانی ئایین. گوتاری ئایینی زمانی ئایینە لەگەڵ ئەوانی تردا، یەکەم کەناڵە بۆ گەیاندنی پەیامی بەهەشت بە خەڵکی سەر زەوی، یەکێکە لە گرنگترین ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان گەلاندا. گوتاری ئایینی لە دوو وشە پێکهاتوە (گوتار)، (ئایین)، وشەی یەکەم (گوتار) واتا قسەکردن بۆکۆمەڵە کەسێک، یان قسەکردن دەربارەی شتێک بۆ ڕای گشتی. وشەی دوەم (ئایین)ە، ئایین لە زمانی کوردیدا بەچەند مانایەک دێت، یەکێک لەوانە مانای (دین – dîn)ە، کە وشەیەکی کۆنی کوردییە، لە پەهلەویدا بە شێوەی (ئایێن – ayên )و (ئادڤێن ـ advên ) هاتوە، جگە لەمەش بە گەلێک مانای تر دێت،وەک: ڕەوشی ژیان ، خۆڕسک، سروشت، تایبەتکار، خوڕەوشت، جێژن، قانون، نەریت (نظام) (نەبەز 2008 :73) دین لە قورئاندا مانای ڕۆژی دادپەروەری و لیپرسینەوەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 6.1 كاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر زمانی كوردی:

ئایینەكان بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی كاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستكردوەو دەیكەن، زمانیش وەكو شتەكانی تری ژیانی مرۆڤ بێبەش نەبووە لەو كاریگەرییە، چونكە ((زمان شادەماری كەناڵی تاكەكانی نێوان كۆمەڵگایە، بۆیە زمان نەك هەر بەدەرنییە لەو كاریگەرییە، بەڵكو وەك دەركەوتووە كە خودی بزاڤی زمانناسی لە كایەی ئایینەوە گەشە و نمای كردوە.))(ناوخۆش 2007: 41) : ئایین پێویستییەكی دەرونیی، یان ڕوحانییە بۆ مرۆڤەكان، مرۆڤ لەوەتەی پێی خستۆتە سەر ئەم زەمینە هەمیشە ئایینێكی هەبوە، جا ئەو ئایینە ئاسمانی بێت، یان ئینسانی. ئایینی ئاسمانی ئەو ئایینەیە كەلەلایەن خوداوە بەشێوەی سرووش دابەزیوە بۆ مرۆڤەكان، بۆ نموونە ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، جۆرەكەی تری ئایین لە لایەن مرۆڤەكان دانراوە وەك (بودیزم، هیندۆسیەت، ..) هەریەكە لەو ئایینانە ڕۆڵێكی گرنگ لە ژیانی كۆمەڵگادا دەگێڕێن و گێراویانە، كتێبی ئایینی هیندۆسەكان كاریگەری زۆری لەسەر پاراستنی زمانی سانسكریتی هەبوە. هەریەكە لە تەورات و ئینجیلیش ڕۆڵێكی گرنگیان بینیوە، لە گەشەكردنی زمانی سریانی و یۆنانی و لاتینی و ئینگلیزی.

تەنانەت یەكەمین لێكۆڵینەوە كە لە زماندا كراوە بە مەبەستی پاراستنی ئایین بووە لەلای هیندییەكان، دواتر لای عەرەبەكانیش بە هەمان شێوە بووە و جگەی لەوەی بۆ پاراستنی ئایین بووە، هەروەها جۆرێكیش بووە لە خوداپەرست.

بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیانی گەلانی ناوچەكە، گەلی كوردیش وەكو هەموو ئەوانی تر بێبەش نەبوو لەم كاریگەرییە، بەهۆی ئەوەی كە قورئان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمەش وایكرد كە خەڵكی هەوڵبدەن خۆیان فێری زمانەكە بكەن، بۆئەوەی شارەزای ئەم ئایینە نوێیەبن، بێگومان ئەمانەش هەموو كاریگەرییان دەبێت لەسەر خەڵكەكە. هەرچی دەقی قورئانە كاریگەری لە ئینجیل زۆرترە، تەنانەت ئەم كاریگەرییە لە ئەدەبی كلاسیكی كوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها ڕاڤەكردنی (تفسیر)ی قورئانیش بۆ زمانی كوردی وەرچەرخانێكی دیكەیە لە بزاڤی زمانناسی كوردی ، چونكە لەو ڕێگایەوە بە سەدان چەمك و زاراوە و پەیڤی ئایینی كوردی لە مەرگ ڕزگاریان دەبێت. (ناوخۆش 2007: 52).

هەر لە ژێر كاریگەری قورئاندا، زانایانی كورد هەوڵیانداوە ئەلفابێیەكی كوردی لەسەر ئەلفابێی عەرەبی دابڕێژن، چونكە بەپێی بۆچونی چەند زانایەك، كورد پاش موسڵمانبونی ئەم هەوڵەیداوە. هەر لە ژێر كاریگەری قورئانی پیرۆزدا، چەندەها وشەی قورئانی هاتونەتە ناو زمانی كوردییەوە و زمانی كوردیان لە بواری ئایینیدا دەوڵەمەند كردوە، لە دیدی زمانناساندا ، هەر وشەیەك لە زمانێكی بیانییەوە بێتە ناو زمانێكی تر و فۆنەتیكی ئەو زمانە وەرگرێ، ئەوا دەبێت بە بەشێك لەم زمانە. وەك وشەی قیامەت– قیامە، شەهید، فیدا– فداء، ڕۆزی – رزق، وەخت – وقت، سوژدە – سجدە، هەروەها ئەو وشانەی لە بواری حەجكردندا بە كاردێن وەك: حەج، عومرە، ئەحرام، عەرەفە، سەفا و مەروا. جگە لەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کاریگەریانەی لەسەرەوە باسمانکرد، قورئانی پیرۆز بە حوکمی ئەوەی دوای گەیشتنی بە ناوچەکە بوەتە ئایینی سەرەکی لە کوردستان، شاعیرانیش (بە تایبەتیش شاعیرانی کلاسیکی کوردی) وەکو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئایەتەکانی قورئان و ئەم کاریگەرییەش لە شیعرەکانیاندا بەڕونی هەستی پێدەکرێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمەش لە خوارەوە نمونەی شیعری چەند شاعیرێک دەخەینەڕو: ئەگەر چاوێک بە شیعرەکانی (نالی)دا بخشێنین، ئەوا بە ڕوونی هەست بە کاریگەری قورئان دەکەین لەسەر شیعرەکانی جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، وەک لەم شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

-موشەڕڕەف بوو بە تەختی عەرش و تاجی قوربی (عنداللە)
بە هەرچی دەرجی (او ادنی) و (ما اوحی)ی قورئانە[1]. (دیوانی نالی: 1976: 515)

بە ناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەک حەضرەتی موسا
طەریقی بەحری فیرعەون و ، ڕەفیقی. ئاتەشی طوورە.(دیوانی نالی: 1976 :407)

هەروەها مەحوی کاریگەری ئایین بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، وەک لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

-زللەی موعەللیم ، ئەو گوڵی ڕوومەتیە خستە تەب
(تبت یدا ابی لهب) ی بێ ئەدەب (و تب)[2] (دیوانی مەحوی1984 :46)
-ئەهوالی ڕۆژی فیرقەت و ئەحواڵی عاشقان
لەو ڕۆژەدا موطا بیقییە (هل اتی حدیث.... ) [3](دیوانی مەحوی1984: 90)

جگە لەشیعری شاعیران، هەروەها پەندەکوردییەکانیش دەتوانین وەکو بەڵگەیەکی تری بۆ ئەم بابەتە بهێنینەوە .

-ئەو کەسەی گیان ئەدات گیانیش ئەستێنێت.
-خوا کە گیان و نان ئەدا بەم خەڵکە.

## 1.2 بەشی دووەم: تیۆری کردەقسییەکان

2. پێغەمبەر (د.خ) لەو شەوە پیرۆزەدا شەرەفمەند بو بە دانیشتن لەسەر تەختی عەرشی خوا و لەسەر نانی تاجی نزیکی لای خوا و بە زانینی هەمو ئەو ڕاز و نهێنیانەی دو ئایەتی ( فکان قاب قوسین او ادنی) و ( فاوحی الی عبده ما اوحی) نەیانگەیەنن.
3 ـ مەحوی لەم بەیتەدا مامۆستایەکی شوبهاندوە بە ئەبولەهەب و ئەو دوعا شەرەی لیکردوە کە خوا لە قورئاندالە ئەبولەهەبی کردوە فەرمویەتی (تبت یدا ابی لهب وتب) واتە : یاخوا دەستەکانی ئەبولەهەب وشک بن وشکیش بون بەهۆی ئەو شوبهاندن و دوعای شەرکردنەش ئەوە بوە وەک چۆن ئەبولەهەب دەستی خۆی بەکارهێناوە بۆ دەستدرێژی بۆ سەر پێغەمبەر ئەو مامۆستایەش شەقازیللەی لە بناگویي قوتابیەکی ناسکی جوانکیلەداوە.
[3] ـ واتە دەردی دوری و نارەحەتی حاڵی دڵداران، لە چەشنی نارەحەتی ڕۆژی قیامەت کە لە ئایەتی (هل تتیک حدیث الغاشیە) و ئایەتەکانی پاشەوەیدا باسی کراوە لە سورەتی (الغاشیە) لە قورئاندا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کردەقسەییەکان بۆچونێکە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێک دادەنێت(تۆفیق 1995: 38) شیکاری لەباری ونالەباری و گونجاوی و نەگونجاوی و هێزداری و بێهێزی گوتار دەکات. قسەکردن خۆی کردەیەکی بێسنورە، هەر قسەو جوڵەیەکی بەمەبەستی دەربرین، خێرا واتایە کردەوەیەکە و مەبەستە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکە دەردەبڕێت، کە ئەمەش پەیوەستە بەتێگەیشتن لەچەمکی کردەقسەییەکان، کەبواری دەنگی فۆنەتیکی و بواری قسەگۆکردن و بواری گوتار دەگرێتەوە.(محی الدین 2016: 38) دەکرێ باشتر لە شیکردنەوەی کردەی گوتاری لە ڕێگەی ئەم جۆرە نمونەیەوە باسبکەین - ئێرە ساردە. مەبەستی کەسەکە مەرج نییە باسکردن و گەیاندنی هەواڵی ساردی شوێنەکە بێت، بەڵکو مەبەستێکی کەم لەوەسفی ژورەکە هەیە، مەبەستە سەرەکییەکەی ڕاپەراندنی کارێکە جا داوا ،سەرسورمان، پرسیاری ... وەک

با لێرە نەخوێنین. (داوا)

خوێندکاران نەخۆشن.(گلەی)

گەرمکەرەوەکە داگیرسێنێ.(داوا)

یان کردەیەکی قسەییە، کەواتە لێرەدا دو واتا بەرجەستە دەبێت، یەکەمیان فەرهەنگە. دوەمیان بەدیهێنانی کردە قسەییە بەباوەڕی ئۆستن کەخاوەنی تیۆرەکەیە قسەکەر لەدواندندا سێ کردە ئەنجام دەدات. کردەی گوتن (preillocution) کردەی مەبەست (illocutionarg act) کردەی پاشکار (post illocution act) (دزەیی 2011: 54، 55 )

## 2.2 جۆرەکانی کردەقسەیەکان:

ئۆستن دو جۆرە کردەی خستۆتەڕو، کە بریتییە لە کردەی ئاشکرا و کردەی شاراوە.

1. کردەی ئاشکرا: ئەم جۆرە کردەیە مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت و کردەی ڕوداو و ڕاپەراندنی تێدایە.

2. کردەی شاراوە: دەربرینەکانمان زۆرجار بەشاراوەی دەردەبڕدرێن، دەربڕینە شاراوەکان کە لەشێوەی (هەواڵگەیاندن، پرسیاری، فەرماندان) خۆیان دەنوێنن کردەی ڕوداو و ڕاپەراندنی تێدانییە و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگی تیادا دەگێرێت.( دزەیی 2011، 60ـ 62)

1. کردەکانی ڕستەی هەواڵگەیاندن: ئاوازەی ڕستەکانی هەواڵگەیاندن زۆر واتاو مەبەستی جیاجیا بەدەستەوە دەدات وەک گلەیی، نارەزایی، پاکانەکردن، پۆزشهێنانەوە،...

2. کردەکانی ڕستەی پرس: ڕستەکانی پرس بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا بەکاردێن وەک: (گلەیی، نارەزایی، هەڵچون، سەرسورمان، هەرەشە، جنێودان،... هتد ئامرازەکانی پرس لەم بارەدا لەڕستە جیاناکرێنەوە و هێزیان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

لەسەر نییە و وەستان لەنێوان ئامراز و ڕستەکان دانییە، هەموی بەیەک ئاوازە دەردەبڕدرێت.(دزەیی 2011: 63)

3. کردەکانی ڕستەی داخوازی: کردەی داخوازی بەپێی دەوروبەر زۆرمەبەستی تر دەدات کەهەریەکەیان ئاوازەیەکی تایبەتی هەیە (توانجلێدان، داوا، ئامۆژگاری، هەستدەربرین، هەڵچون، سەرسورمان، هەرەشە،... (تۆفیق 1995: 81).

## 3.2 کردەکانی گوتن (پەیوەندیکردن) و دەسەلآتی گوتار

هێزی گوتار لەجۆرو شێوازی پەیوەندیکردنەکە دەردەکەوێت، گەیەنەری یەکەم کە هێزێکی ئاینییە، ئامانجەکانی گەیاندنی مەبەستێکە بۆیە پەیوەندی ئایینی لەسەر پێنج بنەما بەرێوەدەچێت (بەرهەمهێنی گوتار، وەرگری گوتار، پەیام، کەناڵ، دەوروبەر) گوتار دەسەلآت دروستدەکات و ڕەوتی کاریگەریەکان و کاردانەوە و بەدیهێنانی ڕای هەمەجۆر دێنێتە بەرهەم کاریگەری لەسەر ئاستی دەرونی و کۆمەلآیەتی نیشتمانی تاکەکان بەدیدەهێنێت.

خودی گوتار هەرلەخۆوە دروست نابێت، بەڵکو خاوەنی گوتارەکە بەئامانجی گەیشتن بە مەبەستەکانی بەکاریدەهێنێت، هەربۆیە لەدایکبونی گوتار دروستکردنی کاریگەریە لەسەر وەرگر لەگوتاری کوردیدا (بەرهەمهێنی گوتار) بەپێی جوگرافیاو باری کۆمەلآیەتی و هۆز و خێڵو دابەشبونی جوگرافی لە ڕێگای زمان و زاری گوتارەکەدا دەناسرێتەوە لەهەمانکاتدا پەیوەندیکردن لەسێ بواردا کورتکراوەتەوە:

1- پەیوەندیکردنی بەر تەسک: لەنێوان دو کەس، یان گروپێکی بچوکو داخراو لەنێو هۆڵێک کۆنگرەو دانیشتنی داخراو.

2. پەیوەندیکردنی جەماوەری: لەچوارچێوەی گروپێکی گەورەدایە کە خاوەنی ڕۆشنبیری و پیشەو پسپۆری و چینی کۆمەلآیەتی جیاوازن.

3. پەیوەندی نێودەوڵەتی: ئەمە پەیوەندیەکی ئاڵۆزە لە سنوری نیشتمان نەتەوە دەبەزێنێت و ئەو گوتارانە دەگرێتەوە، کە ئاراستەی ڕەگەزو ڕۆشنبیری و شارستانیەتی جیاوازی گەلانی جیهان دەکرێن، بۆنمونە گوتاری ئەنجومەنی ئاسایش لە کاتی جەنگ وئاشتی بۆ دروستکردنی ڕای گشتی. (عکاشە2005: 29) لێکۆلینەوەکەمان (شیکردنەوەی گوتاری ئاینی لەڕوانگەی تیۆری کردەقسەیەکان) دەچێتە ناو بواری دوەم لەسێ بوارەکەی سەرەوەدا، چونکە بەرهەمهێنی گوتار لەڕێگەی گوتارەکەیەوە پەیوەندی بە جەماوەرێکی زۆرەوە دەبێت لە چین و توێژی جیاواز هەر بۆیە باس لە زمان و پەیوەندی جەماوەری دەکەین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 4.2 زمان و پەیوەندی جەماوەری

زمان سیستەمێکی گشتییە و تاکەکانی کۆمەڵ پەیرەوەی دەکەن بۆ پەیوەندیکردن و گوزارشتکردن لەو بیرو بۆچونانەی کە هەیانە. ڕۆژانە مرۆڤ بە بەردەوامی لە پەیوەندیکردن دایە چ بۆ وەرگرتنی زانیاری بێت، یاخود بەخشینی زانیاری، یان بۆ دەربرینی هەست و سۆز و خۆشەویستی و ڕق و کینە بێت، یاخود بۆ دروستکردنی کاریگەری بێت لەسەر دەوروبەر...، کەواتە پەیوەندیکردن، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان، کە بە بەردەوامی لە لایان تاکەکانی کۆمەڵ بەکاردەهێنرێت بۆ بەدیهێانی خواستەکانی جا چ لە ڕێگەی زمانی نوسراو، بینراو بیستراوەوە بێت.

بەپێی یەکێک لە گریمانەکانی پەیدابونی زمانیش، کە گریمانەی پەیوەندییە لەلایەن (ریڤیز)ەوە خراوەتەڕو ئاماژە بەوەدەکات ((زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروست دەبێت کە لە مرۆڤ دا هەیە بۆ پەیوەندیکردن)) (فتاح 1990 :12) ئەم گریمانەیە پشت بەو غەریزە تایبەتە دەبەستێت، کە لە بنچینەی هەمو مرۆڤێکدا هەیە، کە ئەمەش خۆی لەو خواستو ویست و ئارەزوەی مرۆڤدا دەبینێتەوە، کە بۆ لەیەکترگەیشتن و پەیوەندیکردن و قسەکردن هەیەتی، هەروەها بۆ پەیوەندیکردن پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە جیاوازی تەمەن ورەگەز و پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری هۆکاری دەرونی و کۆمەڵایەتیش کاریگەریان لە سەرجۆری پەیوەندییەکان هەیە. پەیوەندی جەماوەری لە نێوان بەرهەمێنی گوتارو وەرگری گوتاردایە پەیوەندی بەرێژەیەکی زۆری جەماوەرەوە هەیە. بەرای چارلس ڕایت پەیوەندی جەماوەری لەم سێ خاڵەدا دیاری دەکات:

1/ ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر.

2/ پەیامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگوازرێتەوە لەیەک کاتدا دەگاتە تاکەکانی جەماوەر.

3/ پەیوەندیەکی ئاڵۆزە و چانسی پەیوەندیکردنی دو لایەنەشی نییە. (عبدولکەریم 2007: 159)

بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی جەماوەری توانای گەیاندنی پەیامی، بۆ جەماوەرێکی بەر فراوان و ئاست جیاواز هەیە، هەروەها کاریگەریەکی یەکجار کارای لەسەر وروژاندنی ڕای گشتی هەیە، بۆیە گوتاربێژان و شاعیران و هونەرمەندان هەوڵیان داوە لەم ڕێگایەوە پەیامەکەیان بگەیەنن بە گەلەکەیان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 5.2 ـ شیکردنەوەی گوتارەکەی مەلا ئارازِ[4]

کردە قسەییەکان و بۆچونەکەی (ئۆستن) لەبارەی توێژینەوەکەمان، کە شیکردنەوەی گوتاری ئایینییە. لەسەر بنەمای پراگماتیکی و تایبەت کردە قسەییەکان دەدوێین، سەرکەوتن لە بەدیهێنانی کردارو بەتاڵبونەوەی لێی پەیوەستە بە حەقیقەتی ئەنجامەکان و کارتێکرد دەبێت کارتێکردن و کارتێکران لەسەر گوێگر ڕوبدات تا هێزی کردەقسەییەکان بەدەستبێت، بۆیە بەهای دەربرینەکە لەوەدایە کە ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەست بکات.(محی الدین 2016: 42).

لەم لێکۆلینەوەیە بەشێوەیەکی کارەکی گوتارێکی مەلا ئارازمان هەڵبژاردوە، بەرهەمهێنی گوتار لەپێناوی گەیاندنی مەبەستی تایبەتی و گشتی بەشێواز و ئاستی جیاواز پەیام و چەمکی کردەقسەییەکان بۆ کاراکردنی گوتارەکەیان بەکارهێناوە. هێزی گوتارەکە توانای قسەکەربۆ فراوانکردنی ژینگەو بوارەکانی بەکارهێنای چەمکەکان دەردەخات، هەروەها دەبێتە سەرچاوەی هێزیش بۆ بەدیهێنانی مەبەستی گوتنەکان. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بایەخمان بەخودی بەرهەمهێنی گوتار وەک کەسایەتی نەداوە، بەڵکو کارمان لەسەر خودی گوتارەکە و ئەو بوارانەی لە گوتارەکەدا هەیە و لەسەری ڕۆنراوە، واتە ستراتیجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی هێزی کردەقسەیەکان و پێویستی کردەی و بەدیهێنانیەتی لە پرۆسەی بەدیهێنانی گوتاری ئاینییە. ئەگەر سەیرێکی ئەم کورتە گوتارەی مامۆستا مەلا ئاراز بکەین دەربارەی ئیدانەکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەرکوردان دەبینین بەرهەمهێنی گوتار ڕستەی سادەو ساکاری بەکارهێناوە، فکرو ئایدۆلۆژیا وەک ڕستەیەک لە پێناوی قسەی وروژێنەر بەکاردێت، هەندێکجار قسەکان گێرانەوەیە دوبارەیە و ئەکیدکردنە زۆرجار بەرهەمهێنی گوتاری ئاینی بۆ چیرۆک وزوڵم شکۆی ڕابردو دەگەڕێتەوە، ئەمەش هێزێکی ڕوحی بە گوتارەکەداوە، وەکو جۆرێک لە بەکارهێنانی چاکە بۆ سەرکوتکردنی خراپیەکانی بەرانبەرەکانیش بەکاردێت، هەروەها بۆ وریاکردنەوەی خەڵکی پیشاندانی ڕوی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیاو ئەردۆغان، گوتارەکە لەڕوی ناوەرۆکەوە هەڵگری چەمکی نەتەوایەتییە لە چەند شوێنێکیش زمانی عەرەبی بەکارهێناوە و چەند وشەیەک بەزمانی عەرەبی دەردەبڕێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی هەروەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد. کردەی هەواڵدان باڵادەستترە لەم جۆرە گوتارانە پتر بایەخ بە ڕەخنەو وروژاندن و داواکاری دەدەن ئەمەش کارێکی ئاساییە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئۆستن دو جۆر کردەقسەی دیاریکردبو، یەکێکیان کردەقسەی ڕاستەوخۆ بو، کە لەم جۆرە کردەیە مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرا. چەندین جار کردار دوبارە دەکاتەوە ئەو کردارانەی، کەلەم گوتارەدا دیاریکراون بریتییە لە(90) کردار (51) کرداری ڕانەبردوە (25) کرداری ڕابردوە (15) کرداری ناتەواوە. ئەم گوتارە گوتارێکی بەرهەمهێنە، چونکە ڕێژەی کردار ڕانەبردو زۆر


---

[4] مەلا ئاراز پێشنوێژو وتار بێژی مزگەوتی گەورەی چەمچەماڵە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

زیاتره له ڕێژەی کرداری ڕابردو، کرداری ڕانەبردو پلان و ئامانج و دنیا بینینی تێدایه بۆ داهاتو، هەروەها بکەری کردارەکانیش ڕون و ئاشکرایه ئەم جۆره گوتارانەی که بکەری کردارەکانی ڕون و ئاشکرا بن ئەوا باوەرپێهێنەرترن و سەلمێنەری بەهێزی گوتارەرەکەیه.




جۆری دوەمیان کردەقسەی ناڕاستەوخۆ بو، مەلائاراز هەندێکجار له دەربرینەکان بەشێوەیەکی شاراوه دەربریوه، بۆنمونه چەندین ڕستەی هەواڵی هێناوه، کەمەبەستی هەواڵیش نییه، بەڵکو مەبەستێکی تری لەپشتەوەیه.

خودای گەوره بەکوردی خەڵقمی کردوه. (هەستدەربرین)

ئەو منداڵەی کەپای برایەوه.( نارەزای و گلەیی)

ئەو منداڵەی، کەبەر تۆپی ئەو مەلعونه کەوتوه. (هەستدەربرین)

تەعداماں لەکەس نەکردوه. ( پاکانەکردن)

ماڵی کەسمان نەخواردوه.( پاکانەکردن)

دەرگامان کراوەوه بۆ هەمو ئاوارەیک. (بەزەیی)

وەلاهی پەیوەندی به ئیسلامەوه نییه.(سوێندخواردن)

ئێمه شارەکانمان وێران بوو.(گلەی+ هەستدەربرین)

ئەوەی وادەڵێت درۆدەکا. (تاوانبارکردن)

ئەگەر هەمووی دو مزگەوتی تیانەبوو یەکی تیابوه.(نرخاندن)

یەکیان نەهاته جواب.(گلەیی+ نارەزای)

کورد منداڵەکەیان لەهەموو تورک بەشەرەف و به ناموستره.(توانج لێدان)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

مزگەوتەكانمان شایەدە. (بەڵگەهێنانەوە)

هەروەها بەرهەمهێنی گوتار لەم گوتارەدا (18) جار ڕستەی پرسیاری هێناوە، كە مەبەستی پرسیاركردن نییە لەوەرگری گوتار، بەڵكو دەربرینی نارەزاییە، سەرسورمانە، گلەییە، ... لەهەندێك شوێندا دو ئامرازی پرسی بەدوای یەكدا هێناوە لەیەك ڕستەدا ئەمەش بۆ بەدیارخستنی پرسیاركردن و وروژاندن و هەستدەربرین هاتوە.

چۆن دەستكاری ئیشی خوا دەكە؟ (سەرسورمان)

بۆ ئەم تەعدا گەورە دەكەی؟ (نارەزایی)

بۆوامان لیدەكەن؟ (هەڵچون + بێزاری)

چەندەها كەس لەسۆزی دایكوباوكی بێبەشبو (نرخاندن)

كا دەوڵەتی ئیسلامی؟(پرسیاری)

یەعنی لەبەرچی تاوانمان چییە؟ ( پرسیاری)

كردەی داخوازیش بەپێی دەوروبەر زۆر مەبەستی جیاجیا دەدات، كەهەریەكەیان ئاوازەیەكی تایبەتی هەیە، وەك هەستدەربرینە، داوا، دوعاكردنە، پارانەوەیە،... كردەی داخوازی لەم گوتارەدا بەزۆری دوعاكردن و پارانەوە و دەستبەرزكردنەوەیە بەرەو خودای گەورە، بۆ بەهاناوە چونی گەلی كوردو تۆڵەسەندنەوە لە زوڵمكەران.

یارەبی خودایە حەقمان لەم توركیایە بسێنی. (پارانەوە)

حەقی ئەم میللەتەی لێبستێنی. (دوعاكردن)

گەلێكی داماو هەژارو بێكەسین.( پێراگەیاندن)

ئاوێك بكە بەم ئاگرە. ( پارانەوە و دوعاكردن)

یارەبی خودایە خۆت بەكوردیەتی خلقتكردوین دیفاعمان لێبكە. ( پاراستن + دوعاكردن)

یاالله ئیمانما ڕوو لەتۆین ودینەكەی محمدمان هەڵبژاردوە. (ص) ( موسڵمان بون)

پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین، كە بەرهەمهێنی گوتار چەمكەكان دوبارە وسێبارە دەكاتەوە، كەمەبەستی جەختكردنەوەیە لەسەر بێتاوانی گەلی كوردو تاوانباركردنی دەوڵەتی توركیا، كەبكەری تاوانەكەیە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 6.2 پوختەی گوتارەکەی مەلا ئاراز

1. زمانێکی سادەوساکاری پڕ لە وروژاندنی بەکارهێناوە، گوتارێکە هەڵگری فکری نەتەوایەتییە.

2. جەخت لەسەر بێتاوانی گەلی کوردو تاوانبارکردنی ئەردۆغان دەکاتەوە، ئەمە دڵنیاکردنەوەی گوێگرە، یان ئاستی متمانە بەخۆبونەوە.

3. گوتارەکە هۆشداریکردنی خەڵکە، هەڵچونی توندی ڕەخنەی بۆ نەهێشتنی خراپەکاری بەسەردا زاڵە.

4. لە باسکردنی مێژو بایەخدان بە ڕابردو دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی کورد لە ڕێگەی باسکردنی ئەو ستەمانەی، کە لە گەلی کورد کراوە.

## ئەنجام:

1. گوتاری ئایینی ئەو گوتارەیەکە بابەتەکانی هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری و ئاینی دەگرێتەوە، چونکە ئاینی وەک پرۆگرامێکە، ژیانی موسڵمانان سیستەم دەکات. گوتاری ئاینی بانگت دەکات بۆ دینی ئسلام و بڵاوکردنەوەی زانست ورەوشتەکەی لەنێوان خەڵکی، واتە ئایین دیدگایەکە کە کۆنترۆڵی بیرۆکەکانی تاک و کاروبارەکانی دەکات.

2 بەرهەمهێنی گوتار لەپێناوی گەیاندنی مەبەستەکەی شێوازیکی ڕون و ئاشکرای بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، پێکهاتەی ڕستەکانی بەزۆری ڕستەی سادەیە و هەندێک لە ڕستەکانی بەشێوەی پرسیاری دەربریوە، بەڵام مەبەستی سەرەکی ڕستەکەش پرسیارنییە، بەڵکو دەربرینی نارەزاییە، سەرسورمانە، گلەییە،... لەهەندێک شوێندا دو ئامرازی پرسی بەدوای یەکدا هێناوە لەیەک ڕستەدا، ئەمەش بۆ بەدیارخستنی پرسیارکردن و وروژاندن و هەستدەربرین هاتوە. لەڕووی سینتاکسەوەش هەندێکجار یاسا سینتاکسیەکان تێکدەشکێنێت و شوێنی کەرەسەکانی ڕستە ئاڵوگۆردەکرێت کردار دێنێتە سەرەتا دوبارەکرنەوەی کردەی ڕێکنەکەوتن.

3. کردەی هەواڵدان باڵادەستە لەم جۆرە گوتارانە پتر بایەخ بە ڕەخنەو وروژاندن و داواکاری دەدەن، ئەمەش کارێکی ئاساییە، هەروەها کردەی داخوازی لەم گوتارەدا بەزۆری دوعاکردن و پارانەوە و دەستبەرزکردنەوەیە بەرەو خودای گەورە بۆ بەهاناوەچونی گەلی کوردو تۆڵەسەندنەوە لە زوڵمکەران.

4. ئەم گوتارە گوتارێکی بەرهەمهێنە، چونکە ڕێژەی کردار ڕانەبردو زۆر زیاترە لە ڕێژەی کرداری ڕابردو، کرداری ڕانەبردو پلان و ئامانج و دنیا بینینی تێدایە بۆ داهاتو، هەروەها بکەری کردارەکانیش ڕون و ئاشکرایە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئەم جۆرە گوتارانەی کە بکەری کردارەکانی ڕون و ئاشکرا بن ئەوا باوەڕپێهێنەرترن و سەلمێنەری بەهێزی گوتارەرەکەیە.

5. بەرهەمهێنی گوتار ڕستەی سادەو ساکاری بەکارهێناوە، فکرو ئایدۆلۆژیا وەک ڕستەیەک لە پێناوی قسەی وروژێنەر بەکاردێت، هەندێکجار قسەکان گێرانەوەیە دوبارەیە و تەکیدکردنە، زۆرجار بەرهەمهێنی گوتاری ئاینی بۆ چیرۆک وزولّم شکۆی ڕابردو دەگەڕێتەوە، ئەمە هێزێکی ڕوحی بە گوتارەکە داوە، وەکو جۆرێک لە بەکارهێنانی چاکە بۆ سەرکوتکردنی خراپیەکانی بەرانبەرەکانیش بەکاردێت. هەروەها بۆ وریاکردنەوەی خەڵکی پیشاندانی ڕوی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیاو ئەردۆغان، گوتارەکە لەڕوی ناوەرۆکەوە هەڵگری چەمکی نەتەوایەتییە لە چەند شوێنێکیش زمانی عەرەبی بەکارهێناوە و چەند وشەیەک بەزمانی عەرەبی دەردەبڕێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری قورئان.

## کورتە گوتاری مامۆستا مەلا ئاراز دەربارەی ئیدانەکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەرکوردان

دەوڵەتێک ئەوەندە مەغرور بێت. بڵێت زمانی کوردی لەسەر زەوی ئەسرمەوە. چۆن دەستکاری ئیشی خوا دەکەی؟ خودای گەورە بەکوردی خەڵقمی کردوە، نەلەولاتی خۆتە نەلەسنوری خۆتە. بۆ ئەم تەعدا گەورە دەکەی؟ چی جوابی خودای گەورە دەدەیەوە؟ وأذا سؤلت بای ذمب قتلت

ئەو منداڵەی کەپای برایەوە پیشانیدا لەدەزگاکان، ئەو منداڵەی کەبەر تۆپی ئەو مەلعونە کەوتوە، چی جوابی خودای گەورە ئەداتەوە؟ وەڵاهی هەرکەسێک تەئیدی ئەردۆغان بکات و تەئیدی نیزامەکەی بکات بەشدارە لەهەمو ئەو قەتلانەی کە دەیکات هەر کەسێک تەئیدی ئەردۆغان بکات، ئەگەر بەدڵیش خۆشیبوێت قاتیلە وەک ئەو.

جارێکیان سەدام دێتو سورەتی ئەنفال جێبەجێدەکات بەسەر کوردا بەکافرمان دەزانێ و مزگەوتەکان دەروخێنێ و دەڵێ ئەنفال

جارێکیان تورک دێتو سورەتی فەتح جێبەجێدەکات لەسەرمانا و دەڵێ ئەمانە لەناویان دەبەم کافرن بۆ یەعنی لەبەرچی تاوانمان چییە گوناحمان چییە؟ئیلاهی یارەب عالەمین انت خلقتنی کودیا وانا اعتز بالقوم والدینی

تۆبەکوردی خەلقتکردوم شانازی دەکەم بەکوردییەتی خۆم قەومیەتی خۆم بەدینەکەی خۆم کە موسڵمانم. تەعدامان لەکەس نەکردوە ماڵی کەسمان نەخواردوە دەرگامان کراوەوە بۆ هەمو ئاوارەیک بۆ هەمو کارێکی نەخوازراو دەرگامان کراوە بوە. بۆوامان لیدەکەن؟ وەڵاهی پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. تەنها زمانمان کوردە بۆیە وامان لێدەکەن؟ ئێمە خۆمان برینداریین ئێمە خۆمان دێیەکانمان کاول بو ئێمە شارەکانمان وێرانبو منداڵەکانمان براکانمان بێسەروشوێن بو، چەندەها کەس لەسۆزی دایکوباوکی بێبەشبو چەندەها کەس چاوەڕێی

دەستگیرانەکەی بو فریانەکەوت شوی پێبکات و هەروامایەوە، چەندەها دایکی جگەر سوتاو ئەولادەکانی کوروکچی هیچی نەما لەبەرچی موسڵمان نەبوین؟ ئەوەی وادەڵێت درۆدەکا. چەند دێ لەکوردستان هەیە؟ ئەگەر هەموی دو مزگەوتی تیانەبو یەکی تیابوە، یەک ماڵدروستکرابێت بەردە نوێژی تیابوە. بەس تەنها لەبەر ئەوەی کوردین، ئێمە دۆستمان نییە. برایان خوشکان نەغەرب و نەشەرق دۆستمان نییە. (22) دەوڵەتی عەرەبی (50) دەوڵەتی ئیسلامی، چەندەها دەوڵەت یەکیان نەهاتە جواب بۆ والەم میللەتەداماوەدەکەی؟ کا دەوڵەتی ئیسلامی؟ کوا دەوڵەتی عەرەبی؟ کا مافی مرۆڤ؟ درۆ دەکات. هەموی درۆدەکەن. جولەکەیەک دێتەجواب لەسەرمان، ئەگەر ئەردۆغان دین جێبەجێدەکەی؟ ڕاستدەکەی؟ جولەکە لەولاتەوەیە. سەفارەتەکەی دەرکە لەناوخۆت، ئەوجا بڵێ لەکورد دەدەم.

کورد منداڵەکەیان لەهەمو تورک بەشەرەف و بە ناموسترە. لەهەمو تورک ئیماندارترە. مزگەوتەکانمان شایەدە. گەنجەکانمان شایەدە. بۆ هەی نەعلەتی خودا دابەزێتەسەرت وامالی هەژاران کاول دەکەی ئەوەی زەرەیەک ئیمان لەدڵیا هەبێت، چاوی بەو مەشهەدانە بکەوێت، بێچەک، بێتەیارە، بێدەبابە، بێپارە، بێحاڵ، هەژار داماو بەتەیارە قەسفی دەکەی لەبەرچی؟ کێ قبوڵی دەکات؟ منداڵەکەی پای ببریتەوە؟ دەستی ببرنەوە؟ بیکوژن. کێ قبوڵی دەکات؟ ئەی هاوار خوایە دەست بۆتۆ بەرزدەکەمەوە. خودایە تۆ خودای ئێمەی. ئێمەت دروستکردوە. یاالله یاموجبت دعوات ویاقاضی حاجات تقبل دوعائنا یاالله

یارەبی خودایە حەقمان لەم تورکیایە بسێنی. حەقی ئەم میللەتەی لێبستێنی. یارەبی خودایە ئێمە مەزلومین گەلێکی داماو هەژارو بێکەسین خودایە کەسمان نییە، لەتۆ زیاتر خودایە بەفریامان بکەوە، ئاوێک بکە بەمئاگرە، ئەم ئاگری فیتنەیە بکوژێنیتەوە. یارەبی خودایە هەرکەسێ لەگەڵ ئەم دەوڵەتە شەریکە بۆ گیانی ئەم ماڵو منداڵە کوردە داماوە یارەبی لەجەهەنەم کۆیان بکەیەوە. یارەبی خودایە ئاوێک بکەی بەم ئاگرە یارەبی خودایە خۆت بەکوردیەتی خلقتکردوین دیفاعمان لێبکە یاالله لەئیمانمانا ڕو لەتۆین ودینەکەی محمدمان هەڵبژاردوە (ص).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper3 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# Analyzing Religious Speech in Terms of Speech Act Theory

**Sherwan Hussein Hamad**

Department of Kurdish, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** sherwan983@uor.edu.krd

**Talar Sabah Omer**

Department of Kurdish, College of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** talar.sabah@koyauniversity.org

**Abstract:**

Every Friday, articles were presented at mosques, and the subject of the articles involved all aspects of human life, political, economic, social,…Any phenomenon in the society is mentioned in religious speeches. These articles will be part of religious discourse in Kurdistan, one of the subjects we have chosen for this investigation and we will study it from the perspective of a speech by Mala Araz about condemning the Turkish attack on the kurds. The aim of our study is to analyze religious discourse from a pragmatic perspective to achieve the goal that we have analyzed in the methodology, and we have received an example from the book" Mala Araz", which is in the context of the central Kurdish language kurmanji dialect.

**Keywords:** Speech Act Theory, Religious Discourse,, Discourse Analysis, Pragmatic.

## سەرچاوەکان:

ئەمین، شێرکۆ حەمە ، 2006، زارو شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

تۆفیق، قەیس کاکل،(1995)، جۆرەکانی رستەو تیۆری کردەقسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

دزەیی، عبدولواحید موشیر, (2011), زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم, چاپخانەی پاک, هەولێر.

زایر، بەهار (2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

عەلی، تالیب حوسین، (2019)، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عبدولکەریم، کاوە، (2007)،( زمان و پرۆسەی پێوەندیکردن)، گۆڤاری رامان، ژ. (118)

فتاح، محمد معروف، (زمانەوانی)، دار الحكمة، 1990.

قادر، سەرۆ، (2008)، کۆمەڵگادین و توندو تیژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی(دهۆک).

مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید ،2013، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

مەحمود، ئاڤێستا کەمال، (2009)،پراگماتیکی رستەی پرسیاروفەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

محی الدین،غازی حسن، (2016)، گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەی پراگماتیکی، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم (1976)، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا.

مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم (1984)، دیوانی مەحوی ،چاپی دوەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا .

نەبەز، جەمال، (2008)، وشەنامەکی ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی،WWW. Kurdbun. Com

ناوخۆش، سەلام، (2007)، ئایین و زماننناسی، چاپی یەکەم، هەولێر.

شرفی، سلوی، (2010)، تحليل الخطاب و الرسائل السياسيه فى وسائل الاعلام، مركز نشر الجامعى، تونس.

عكاشه، محمود، (2005)، لغه الخطاب السياسى دراسه لغويه تطبيقيه فى ضوء نظرية الاتصال، دار النشر للجامعات مصر، مصر.

الغزالي، عبدالقادر، (2003)، (اللسانيات و نظرية التواصل)، دار الحوار للنشر و لتوزيع، الطبعة الاولى.

وجدى، محمد فريد، (1971)، دائره معاريف القرن العشرين، ج4، الطبعة الثالثه، دار المعرفه، البيروت.

Barbara Johnstone, 2008, Discourse Analysis, Second Edition,Blackwell.Publishing.

Cook,Guy( 1989) Discorse,Oxford university,paress

G.Leech. ( 1983 ). *Principle of pragmatics.* London: longman